# ناوەڕۆک


پڕۆژەی کوردیپێدیا ........ 2
میوانانی کوردیپێدیا ........ 4
گەڕانی سادە ........ 5
گەڕانی ورد ........ 9
بابەت بە هەڵکەوت ........ 14
گەڕان لە پەڕتووکخانە ........ 15
گەڕان لە ڤیدیۆکاندا ........ 20
گەڕان لە ناونامە ........ 22
درەختی پۆلەکان ........ 24
پۆل & بابەت ........ 27
چاککردنی بابەت ........ 28
ناردنی بابەت ........ 30
ناردنی وێنە ........ 32
ناردنی پەڕتووک و ڤیدیۆ ........ 35
هەندێک فیچەری تری گرنگ ........ 36
گەڕانی ورد - کڕۆنۆلۆژیای ڕووداوەکان ........ 36
گەڕانی ورد – سەرچاوەکان ........ 37
گەڕانی ورد – شوێنپێیەکان ........ 38
گەڕانی ورد – کۆکراوەکان ........ 38
گەڕانی ورد – چالاکییەکان ........ 39
گەڕانی ورد – بڵاوکراوەکانی کوردیپێدیا ........ 40
ئامرازەکان – تۆمارکردن / کوژاندنەوەی ئیمێڵ ........ 41
ئامرازەکان – ئاماری بابەت ........ 42
ئامرازەکان – وەرگێڕی فۆنتەکان ........ 42
ئامرازەکان – گۆڕینی ڕێکەوتەکان ........ 43
ئامرازەکان – زمان و شێوەزاری ڕووپەلەکان ........ 44
ئامرازەکان - سیستمی نۆتیفیکەیشن ........ 46
هاوکارانی کوردیپێدیا ........ 47
دروستکردنی هەژمار ........ 47
چوونەژوورەوە ........ 47
کوردیپێدیا بۆ دێڤەڵۆپەر ........ 50
بەڕێوەبەرانی کوردیپێدیا ........ 51
پاشکۆی ١ (ماشێنی گەڕان) ........ 52
مێژووی دۆکومێنت ........ 53

# پرۆژەی کوردیپێدیا

کوردیپێدیا، پرۆژەیەکە بۆ کۆکردنەوەی هەر زانیارییەکی پەیوەست بە کوردستان و کورد و بەهیوایە لە پاشەڕۆژدا ببێتە پرزانیاریترین سەرچاوەی کوردی و بەهۆیەوە بەئاسانی بزانرێت: کێ، کێیە؟! و کوێ، کوێیە؟! و چی، چییە؟!...

کوردیپێدیا[1] وشەیەکی لێکدراوە و لە کوردی و پێدیا پێکهاتووە. وشەی پێدیا، وشەی دووەمی وشەی لێکدراوی گریکیی ئەنسیکلۆپێدیایە (encyclopaedia) کە بەواتای ناسین یان زانینی یاخود زانیاریی گشتی دێت. وشەی کوردیپێدیاش لەوەوە داتاشراوە و دەکرێت واتای کوردناسی، کوردیناسی یان کوردزانین یاخود زانیاریی کوردی بدات.

**سەرچاوەکانی کوردیپێدیا بریتییە لە:**

ئەو تۆمارانەی کە هاوکارانی کوردیپێدیا لەنێو ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت دەیدۆزێتەوە و لە یەکێک لە پۆلەکانی کوردیپێدیادا چرووپریدەکاتەوە و هەندێکجاریش هەوڵی گۆرینی رێنووسە هەڵەکانی دەدرێت و بەشێوەیەکی دروست تۆماریدەکاتەوە، بەبێ ئەوەی دەستکاریی ناوەڕۆکی بابەتەکان بکرێت. هەر بابەتێک لە هەر سەرچاوە و ماڵپەڕێکەوە وەربگیرێت، وەک ئەمانەتێکی زانستی ناوی ماڵپەڕەکە لە لیستی سەرچاوەکەدا تۆماردەکرێت.

ئەو بابەتانەی کە میوانانی کوردیپێدیا بۆماندەنێرن و لەڕێی فۆرمی تۆمارکردنی بابەتێکەوە ئامادەیدەکەن. هەر بابەتێک لەلایەن هەر میوانێکەوە بەدەستمان بگات، ناوی ئەو میوانە دەبێتە سەرچاوەی ئەو بابەتە. تکایە هەر کەسێک نایەوێت ناوی لە لیستی سەرچاوەکانی کوردیپێدیادا ببێت با ئاگادارمانبکاتەوە.

ئەو نامە تایبەتییانەی کە بەدەست کوردیپێدیا دەگەن و پەیوەستن بە ژیان و کارنامەی ئەو کەسانەی کە دەخوازن وەک بابەتێک بێنە نێو ئەم کوردیپێدیایەوە.

ئەو بابەتانەی کە هاوکارانی کوردیپێدیا لە دوو توێی بڵاوکراوەکاندا ئامادەیدەکات و چرووپریدەکاتەوە و پۆلێنی دەکات.

ئەو دیمانانەی کە هاوکارانی کوردیپێدیا لەگەڵ کەسانێکدا ئەنجامی دەدات، بەمەبەستی نووسینەوەی بیۆگرافیی کەسێک، شوێنێک، رێکخراوێک، بڵاوکراوەیەک یان هەر شتێکی تری پەیوەست بە کوردستان و کورد.

تەواوی بابەتەکانی پۆلی رێکەوت و رووداو تا ساڵی ٢٠٠٨ لە داتابەیسی هاورێنامەوە وەرگیراوە، پروانە: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.

هەر تۆمارێک بێتە نێو کوریدپێدیاوە، بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندیی بە کوردستان و کوردستانییانەوە هەیە، هیچ بابەتێک لە دەرەوەی ئەو تەوەرانە تۆمار ناکرێت. لەو تێروانینەوە هەندێکجار ژیان و کارنامەی کەسێکی ناکورد دەبینیت، ئەو کەسە یان کوردناسە و خاوەنی باسێکە لەسەر کورد یان کوردستانییەکی ناکوردە، یاخود پەیوەندیی بەڕووداوێکی کوردستانییەوە هەیە.

کوردیپێدیا، هیچ پەیوەندییەکی بە ویکیپێدیا و هەر رێکخراوێکی ترەوە نییە، پرۆژەیەکی سەربەخۆیە و ئەرکێکی تایبەتیی رێکخراوی کوردیپێدیا و کارمەندانێتی.

---

[1] ئەم وشەیە بۆ یەکەمجار لەلایەن دامەزرێنەری کوردیپێدیاوە داتاشراوە و هاتووەتە ناو وشەدانی کوردییەوە.

تکایە ئەگەر هەر زانیارییەک لەم داتابەیسەدا بۆ بەڕێزتان گونجاو نییە و ناخوازن لێرەدا بیبێت، ئەوا کوردیپێدیای لێ ئاگاداربکەنەوە.

کوردیپێدیا هەر زانیاری و وێنەیەک لە هەر سەرچاوەیەکەوە وەربگرێت، بۆ مەبەستێکی بازرگانی بەکارینەهێنێت.

کوردیپێدیا بەردەوامە لەسەر پاکژکردنی بابەتەکان و وەرگێرانی ساڵە کۆچی و هەتاوییەکان بۆ ساڵی زایینی بەشێوەیەکی دروست، تکایە لە هەڵە و کەموکورتییەکانمان ببوورن.

هەر زانیارییەک لە کوردیپێدیاوە وەربگیرێت، پێویستە ناوی سەرچاوەکەیی و ناوی کوردپێدیای لەسەر بنووسرێت.

ماڵپەڕی کوردیپێدیا لەسەر براوسەرەکانی ئنتەرنێت ئێکسپلۆرەر، فایەر فۆکس، سەفاری، ئۆپێرا و گووگڵ کرۆم بەتەواوەتی تێست کراوە و بەبێ "کێشە" کاردەکات، تکایە ئەگەر هەر کێشەیەکتان بوو ئەوا ئاگادارمان بکەنەوە..

بەهۆی هەوڵەکانی هاوکارمان کاک (هەڤاڵ نەژاد)ەوە، کوردیپێدیا لە ڕۆژی ١١-١١-٢٠١٣ بووە ڕێکخراوێکی فەرمی و لە هەولێر لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان تۆمارکرا.

بەهیوای ئەوەی کوردیپێدیا بکەینە پڕزانیاریترین سەرچاوەی کوردی و بانکی زانیاریی نەتەوەیی کوردا!

لەگەڵ ڕێزی هاوکارانی کوردیپێدیا:

هاوڕێ باخەوان، مانو بەرزنجی، سەریاس ئەحمەد، بەناز جۆلا، ڕۆژهات سەعید، ئەڤین ئیبراهیم فەتاح، هەڤاڵ نەژاد، ڕەوەز جەلال ئەمین، شکۆ حەمەد شێخانی، نالیا ئیبراهیم...

دامەزرێنەری کوردیپێدیا: هاوڕێ باخەوان Tel.: +31 (6) 54710293

2017 - 2008

## میوانانی کوردیپێدیا


میوانانی کوردیپێدیا بەبێ ئەوەی لۆگین بکەن لە سیستەمی کوردیپێدیادا، دەتوانن ئەم فیچەرانەی خوارەوە بەکاربهێنن. هەمان ئەم فیچەرانە بۆ هاوکاران و بەڕیوەبەرانی کوردیپێدیاش بەکاردەهێنرێن.

## گەڕانی سادە

| جۆری بەکاربەر (ڕۆڵەکان) | مافی بینین | مافی بەکارهێنان |
|---|---|---|
| میوان | ✓ | ✓ |
| خۆبەخش | ✓ | ✓ |
| کارمەند | ✓ | ✓ |
| بەڕێوەبەر | ✓ | ✓ |

هەر تۆمارێک لە کوردیپێدیادا دوو خانەی گرنگی هەیە؛ ئەوانیش خانەی ناوی بابەت - سەرباس و خانەی درێژەی بابەتن.

لە گەڕانی سادەدا دەتوانرێت تەنها لە خانەی سەرباسدا گەڕان ئەنجام بدرێت. ئەم گەڕانە خێراترین جۆری گەڕانە لە کوردیپێدیادا. ئەو ئەنجامەی دەست ئەنجامدەری گەڕانەکە دەکەوێت پەیوەستە بەو کلیلە وشەیەی کە ناردوویەتی بۆ کوردیپێدیا. لەبەرئەوە زۆر گرنگە بەکاربەر بزانێت بەدوای چیدا و چۆن دەگەڕێت!




لەسەر هەر لاپەڕەیەکی کوردیپێدیا لە سووچی سەرەوەی ڕاست یان چەپ (بەپێی هەڵبژاردنی جۆری زمان) خانەی گەڕان و دوگمەی گەڕان هەیە.

پاش ئەوەی کە کلیلە وشەکە دەنووسرێت کلیک لە دوگمەی ئنتەری سەر تەختەکلیل دەکرێت، یان کرتە لە دوگمەی وردبینەکەی 🔎 تەنیشت خانەی گەڕان دەکرێت. بەمشێوەیە یەکسەر ماشێنی گەڕانی کوردیپێدیا دەکەوێتەکار و لەنێو ئەو زۆرتر لە سەدهەزار بابەتەی کوردیپێدیادا ئەنجامێکت بۆ دەئافرێنرێت.

دەکرێت دوو جۆر ئەنجام بەدەست بهێندرێت:

یەکەم ئەنجامی ئاسایی؛ ئەم ئەنجامە لە لاپەڕەی دەستپێکدا بۆ گەڕانی سادە دیفۆڵتە، لەم ئەنجامەدا سەرباس، درێژەی بابەت (بەتەواوەتی)، تایبەتمەندییەکانی بابەت، فایلی پەیوەندیدار، وێنەی سەرەکی و بابەتە پەیوەستکراوەکان و هەرچی تۆمارێکی تری پەیوەست بە تۆمارە سەرەکییەکەوە هەیە پیشاندەدرێت یاخود لینکی پێویستی بۆ دادەنرێت.

گرنگە کلیلەوشەکە سادە بێت. پێویست نییە تەواوی ئەو دەستەواژەیە بنووسیت کە بەدویدا دەگەڕێیت! بۆ نموونە لە جیاتیی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، تەنها بنووسە زەحمەتکێشان!

لە گەڕانی کوردیپێدیادا چ بە یەک "و" بنووسیت شارەزور و چ بە دوو "وو" بنووسیت شارەزوور لە رووی تەکنیکییەوە هەر یەک واتای هەیە و هەر تۆمارێک لە سەرباس یان لە گەڕانی وردا لە درێژەی بابەت ناوی شارەزور یان شارەزووری تێدا بێت دەدۆزرێتەوە. عەبدوڵا و عەبدوڵڵاش لە کوردیپێدیادا هەر هەمان ئنیوتی تەکنیکیی هەیە بۆ داتابەیسی کوردیپێدیا.

لە پاشکۆی یەکەمدا تەواوی ئەو پیتانە ریزکراون کە لە کوردیپیدیادا هەمان واتای تەکنیکییان هەیە لە ماشێنی گەڕاندا.

ئەگەر کێشەتان لەگەڵ دۆزینەوەی پیتە کوردییەکان یان هەر پیتێکی تایبەتیدا هەبوو، کلیک لە کیبۆرد بکە تاوەکو بەهۆیەوە ئەوەی دەتەوێت بینووسیت بیدۆزیتەوە؛






کیبۆردی کوردیپیدیا



ئەم وێنەیەی خوارەوە نموونەیەکی گەڕانی سادەیە کە ٤٢ بابەتی دەربارەی کلیلەوشەی "پەشێو" دۆزیوەتەوە لە ڕۆژی ٣٠-٠٣-٢٠١٧دا.




دووەم ئەنجامی خێرا؛ پاش ئەنجامدانی گەڕانی سادە، دەکرێت ئەنجامەکە بگۆڕدرێت بۆ ئەنجامی خێرا. ئەویش بەهۆی دانانی نیشانی ڕاست لە بۆکسی ئەنجامی خێرادا لە سەروو ئەنجامە سادەکەوە.

☑ ئەنجامی خێرا

ئەمە گرنگە ئەگەر لە ئەنجامی سادەدا لە یەک تۆمار زۆرتر دۆزرایەوە. بەکاربەر بەهۆی ئەمەوە بەخێرایی دەزانێت ئەو تۆمارانەی دۆزراونەتەوە سەربە چ پۆلێکن و ئایا تایبەتمەندی – مێتاداتاکانیان چییە؟



لە ئەنجامی خێرادا خشتەیەک دەبینرێت. ئەم خشتەیە بەپێی ئەنجامەکە لە پەنجا تۆمار زۆرتر لە لاپەڕەیەکدا پیشان نادرێت. ئەگەر ئەنجامەکە لە پەنجا تۆمار زۆرتر بوو ئەوا دەتوانرێت کلیک لەسەر لاپەڕەکانی دی بکرێت بۆ بینینی پەنجا تۆماری داهاتوو یان گەڕانەوە بۆ لاپەڕەی پێشوو.

لە لیستەکەدا ئەم خانانە پیشاندەدرێت:

| جۆری خانە | پێناس |
|---|---|
| ئایکۆن | هەر بابەتێک بەپێی پۆلەکەی ئایکۆنێکی جوودای هەیە، بەهۆی ئەم ئایکۆنەوە بەئاسانی دەتوانرێت بزانرێت ئایا ئەو تۆمارە سەربە چ پۆلێکە. بە کلیککردنی ئایکۆنەکە بابەتی هەڵبژێردراو لە دەروازەیەکی نوێدا دەکرێتەوە و وەک ئەنجامی گەڕانی سادە پیشاندەدرێت. |
| سەرباس | سەرباس یان پێناسی تۆمارەکەیە. بەو زمانە پیشاندەدرێت کە پێی تۆمارکراوە. لە شێوەی بەستەردا پیشاندەدرێت و بە کرتەلەسەرکردنی یەکسەر لاپەڕەی دەستپێک دەچێتە سەر ئەو تۆمارە و ئەنجامی خێرا ون دەبێت. |
| پۆل | ئەو پۆلەیە کە تۆمارەکەی تێدا تۆمارکراوە. پۆلەکان بە زمانی هەڵبژێردراو پیشاندەدرێن. لەوانەیە تۆمارەکە بە زمانێکی بێگانە نووسرابێت و زمانی هەڵبژێردراو کوردیی ناوەڕاست بێت، ئەوا ناوی پۆلەکان بە کوردیی ناوەڕاست پیشاندەدرێت و بە پێچەوانەشەوە. |
| درێژەی بابەت | کورتەیەکی درێژەی بابەت لێرەدا پیشاندەدرێت. لینکی [زۆرتر...] لە پاشەوەی دەردەکەوێت و بە کرتەلەسەرکردنی یەکسەر لاپەڕەی دەستپێک دەچێتە سەر ئەو تۆمارە و ئەنجامی خێرا ون دەبێت. (پڕوانە سەرباس) |
| 📷 وێنە | نیشانەی 📷 واتە تۆمارەکە وێنەی سەرەکیی لەگەڵدایە. نیشانەی ❌ واتە تۆمارەکە وێنەی سەرەکیی لەگەڵدا نییە. ئەم خانەیە بۆ هەموو پۆلەکانە. |
| 📕 پەڕتووک | نیشانەی 📕 واتە تۆمارەکە پەڕتووکی بە فایلی پی دی ئێفی لەگەڵدایە. نیشانەی ❌ واتە تۆمارەکە پەڕتووکی لەگەڵدا نییە. ئەم خانەیە تایبەتە بە پۆلی پەڕتووکخانە. |
| 📼 ڤیدیۆ (فیلم) | نیشانەی 📼 واتە تۆمارەکە ڤیدیۆی بە فایلی ئێم پی ٤ی لەگەڵدایە. نیشانەی ❌ واتە تۆمارەکە ڤیدیۆی لەگەڵدا نییە. ئەم خانەیە تایبەتە بە پۆلی ڤیدیۆکان. |
| 📚 فایلی پەیوەندیدار | ژمارەی ئەو فایلانە دەردەخات کە پەیوەستن بە تۆمارەکەوە. |
| 🔗 بابەتی پەیوەستکراو | ژمارەی ئەو بابەتانە دەردەخات کە پەیوەستکراون بە تۆمارەکەوە. |
| ✨ کوالیتیی بابەت | کوالیتیی تۆمارەکە دەردەخات بەپێی ستانداردە جیهانییەکان و ستانداردی کوردیپیدیا بۆ تۆمار. هەر تۆمارێک لە کوردیپێدیا ڕێژەی کوالیتیی لەخوار ٪٦٠وە بوو، ئەوا ئەو بابەتە تەواو نییە و پێویستیی بە ڕاستکردنەوەی بابەتی و زمانەوانییەوە هەیە. یان بابەتەکە مێتا-داتای پێویستی لەگەڵدا نییە و هێشتا بەدەست نەهاتوو. |
| ✏️ چاککردنەوەی بابەت | لە کۆتاییی خشتەکەدا و بۆ هەر تۆمارێک ئەم نیشانەیە دانراوە، بە کرتەلەسەرکردنی یەکسەر لاپەڕەی تۆمارکردن و باشترکردنی تۆماردەکرێتەوە و میوان، کارمەند و بەڕێوەبەری کوردیپێدیا دەتوانێت بابەتەکە باشتر بکات. پڕوانە (تۆمارکردن و باشترکردنی بابەت). |

## گەڕانی ورد

| جۆری بەکاربەر (ڕۆڵەکان) | مافی بینین | مافی بەکارهێنان |
|---|---|---|
| میوان | ✓ | ✓ |
| خۆبەخش | ✓ | ✓ |
| کارمەند | ✓ | ✓ |
| بەڕێوەبەر | ✓ | ✓ |

گەڕانی ورد، یەکێکە لەو فیچە گرنگانەی کە کوردیپێدیا پێشکەشی بەکارهێنەرانی دەکات. دیارە گەڕانی سادە تەنها ئەو بابەتانە دەدۆزێتەوە کە ناوی یان بەشێک لە سەرباسەکانی دەنووسریت. بەڵام گەر بەکارهێنەران بیانەوێت وردتر لە داتابەیستی کوردیپێدیادا بگەڕێن ئەوا پێویستییان بە گەڕانی ورد دەبێت.

بە کلیککردن لە مێنوی گەڕانی ورد، لاپەڕەی گەڕانی ورد دەکرێتەوە؛




لە گەڕانی وردا دەتوانیت لە خانەکانی سەرباس (ناوی بابەت)، درێژەی بابەت، ناوی وێنە و فایلە پەیوەندیدارەکاندا بگەڕێیت:



هەروەها دەتوانرێت ئۆپەرەیتەرەکانی لێکچوون، بەبێ، یەکسان و دەستپێبکات بە... بەکاربهێنرێت کە پرۆسەی گەڕانەکە زۆر ئاسانتر دەکات.




ئەم پرۆسەیە دەتوانرێت چوارجار و بە چەندین شێوەی جوودا بەکاربهێنرێت.

بۆ نموونە گەر ویسترا: بگەڕێیت بەدوای ناوی سەردەشتدا، ئەوا دەبێت ناوی بابەت و جۆری گەڕان یەکسان هەڵبژێریت. ئەوکات ماشێنی گەڕان تەنها ئەو تۆمارانە پیشاندەدات کە سەرباسەکانیان یەکسانە بە سەردەشت.

بەڵام ئەگەر ویسترا هەرچی ناوێک سەردەشتی تێدابێت بدۆزرێتەوە، ئەوا لێکچوون هەڵبژێردرێت. ئەمە وەک گەڕانی سادە وایە ئەگەر ناوی بابەتت هەڵبژاردبێت.

بۆ گەڕان لە درێژەی بابەتدا دەبێت درێژەی بابەت هەڵبژێریت و جۆری گەڕانەکەت دیاری بکەیت.

جۆری گەڕانی "بەبێ" هەموو ئەو تۆمارانە دەدۆزێتەوە کە خانەی گەڕانەکەی کلیلە وشەکەی تێدا نییە.

بۆ نموونە دەتوانیت بگەڕێی بەدوای ناوی سەردەشتدا بە مەرجێک ناوی باوکی یوسف نەبێت. بۆ ئەو مەبەستە سەیری ئەم وێنەیەی خوارەوە بکە؛

ژمارەی تۆمارە دۆزراوەکان لە لینکە سوورەکەدا دەردەکەوێت و بە کرتەلەسەرکردنی لاپەڕەی ئەنجامی خێرا لە دەستپێکدا دەکرێتەوە.




بەڵام دەکرێت زۆرتر گەڕانەکە ورد بکەیتەوە و هەموو ئەو سەردەشتانە بدۆزیتەوە کە بۆ نموونە خەڵکی هەولێرن.

بۆ ئەو مەبەستە پێویستە پۆلی لاوەکیی شار و شارۆچکەکان و شاری هەولێر هەڵبژێریت.




گەر ویستتان لە پۆلێکی تایبەتیدا بگەڕێیت ئەوا دەکرێت سوود لەم وێنەیەی خوارەوە ببینرێت:




لەو وێنەیەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە کچێکی شەهید سەربە حیزبی دێموکراتی کوردستان کە نازناوی پەنایە؛ ڕەگەزی مێیە؛ وێنەی سەرەکیی لەگەڵدایە دۆزراوەتەوە!



بەو شێوەیە دەتوانرێت بە ئاسانترین و وردترین شێوە چیمان بوویت لەناو داتابەیستی کوردیپێدیادا بیدۆزینەوە!

هەندێک نموونەی تری گەڕانی ورد؛


گەر ویسترا بۆ نموونە بزانرێت لە ساڵی ٢٠١٧دا لە شرناخ چی روویداوە سەیری ئەم وێنەیە بکە:




گەر ویسترا هەموو پەڕتووکەکانی مەسعود محەمەد بدۆزرێتەوە بە فایلی پی دی ئێف و وێنەی بەرگەوە، سەریری ئەم وێنەیە بکە:




هەمان ئەو نموونەیەی پێشوو بەڵام تەنها ئەوانە پیشاندەدات کە لەلایەن "حەکیم کاکەوەیس"ەوە وەرگێردراون:



## بابەت بە هەڵکەوت

| جۆری بەکاربەر (ڕۆڵەکان) | مافی بینین | مافی بەکارهێنان |
|---|---|---|
| میوان | ✓ | ✓ |
| خۆبەخش | ✓ | ✓ |
| کارمەند | ✓ | ✓ |
| بەڕێوەبەر | ✓ | ✓ |


لە کاتی کردنەوەی کوردیپێدیادا، کوردیپێدیا بابەتێک بە هەڵکەوت دەکاتەوە. ئەو بابەتە هەمیشە وێنەیەکی سەرەکیی لەگەڵدایە. سەربە پۆلێکی دیاریکراو نییە، بەڵام سەربەو زمانەیە کە هەڵبژێردراوە. بۆ نموونە ئەگەر کوردیپێدیا بە زمانی عیبری بکرێتەوە، ئەوا بابەتە هەڵکەوتەکەش بە زمانی عیبری دەبێت.

لە هەر لاپەڕەیەکدا کلیک لەسەر لۆگۆی کوردیپێدیا بکرێت، یەکسەر ماڵپەڕەکە دەچێتە سەر لاپەڕەی دەستپێک و بابەتێک بە هەڵکەوت دەکاتەوە.

لینکی دەستپێک کە لەسەر هەموو لاپەڕەیەک هەیە هەمان کاری بابەت بە هەڵکەوتی هەیە؛




هەمان بابەت بە هەڵکەوت لە مینوی گەڕانی وردیشدا هەیە؛




## گەڕان لە پەڕتووکخانە

| جۆری بەکاربەر (ڕۆڵەکان) | مافی بینین | مافی بەکارهێنان |
|---|---|---|
| میوان | ✓ | ✓ |
| خۆبەخش | ✓ | ✓ |
| کارمەند | ✓ | ✓ |
| بەڕێوەبەر | ✓ | ✓ |

پەرتوکخانەی کوردیپێدیا پۆلێکی گرنگی داتابەیس و ڕیپۆزیتۆریی کوردیپێدیایە. بەجۆرێک کە بووەتە گەورەترین و پۆلێنکراوترین پەرتووکخانەی دیجیتاڵی کوردی لەسەر ئنتەرنێت!

لە پەرتوکخانەدا تەنها دەتوانرێت لە پۆلی پەرتووکخانەدا گەڕان ئەنجام بدرێت.








لە پەرتووکخانەدا دەکرێت بە ٣ شێوە گەڕان ئەنجام بدرێت.

شێوەی یەکەم، دروستکردنی کۆرییە بەدوای ناوی پەرتووک یان ناوی نووسەر یان هەر مێتا-داتایەکی تری پەیوەست بە پەرتووکەکەوە.

لەم نموونەیەی خوارەوەدا دەگەڕێین بەدوای پەرتووکی "قەندیل بەغدای هەژاند"دا؛




ئەنجام:





لە ئەنجامدا سێ پەڕتووک دۆزرایەوە کە سێیەمیان فایلی پی دی ئێفی لەگەڵدا نییە!


بۆ زۆرتر وردکردنەوەی گەڕان لە پەرتووکخانەدا سەیری ئەم نموونەیەی خوارەوە بکە؛





ئەنجام؛




شێوەی دووەم؛ نووسینی تێدا نییە و تەنها هەڵبژاردنە، بەکارهێن دەتوانێت پیتی یەکەمی ناوی نووسەر یان وەرگێڕێک هەڵبژێرێت و پاشان لیستی ئەو نووسەر و وەرگێڕانەی بۆ دەئافرێندرێت کە بەو پیتە دەستپێدەکەن، پاشانیش دەتوانێت لە لیستی ناوەکاندا یەک هەڵبژێرێت:







بە کرتەکردن لەسەر ژمارەی تۆمارە دۆزراوەکان لیستی ئەنجامی خێرات لە لاپەڕەی دەستپێکدا بۆ دروستدەبێت:

ئەنجام: 22 تۆمار دۆزرایەوە!

ئەنجامی خێرا

1

| سەرباس | پۆل | درێژەی بابەت | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| سایکۆلۆژیی ژیانی هاوسەرێتی | پەرتووکخانە | د. عەبدولحەلیم سەمعان وەرگێڕانی سۆزان جەمال خانە [ زۆرتر... ] | 0 | 0 | 99% |
| سایکۆلۆژی و مێیەتی | پەرتووکخانە | نووسەر سۆزان جەمال ژمارەی لاپەڕەکان 263 ساڵی چ [ زۆرتر... ] | 0 | 0 | 99% |
| سایکۆلۆژی و رۆشنبیریی منداڵ | پەرتووکخانە | سۆزان جەمال [ زۆرتر... ] | 0 | 0 | 66% |
| ژن لە بەردەم قەیرانەکاندا | پەرتووکخانە | سۆزان جەمال [ زۆرتر... ] | 0 | 0 | 64% |
| نەخۆشیی شەکرە 2 | پەرتووکخانە | محەمەد سەلاحەدین ئیبراهیم وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە [ زۆرتر... ] | 0 | 0 | 66% |
| بەرگریکردن لە مافی ژنان | پەرتووکخانە | ماری ولستونکرافت وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سۆزان ج [ زۆرتر... ] | 0 | 0 | 66% |
| چارەسەری سرۆشتی بۆ؟ | پەرتووکخانە | ئەحمەد خالد وەرگێڕانی: سۆزان جەمال و ئەکرەم قەرەد [ زۆرتر... ] | 0 | 0 | 99% |
| کۆئەندامی هەرس؛ نەخۆشییەکانی و خۆپاراستن لێیان | پەرتووکخانە | ئەبو شادی رۆبی وەرگێڕانی: سۆزان جەمال و ئەکرەم قە [ زۆرتر... ] | 0 | 0 | 99% |
| ژن لەسەردەمی دیموکراسیدا | پەرتووکخانە | ئیسماعیل مەزهەر وەرگێڕانی: سۆزان جەمال [ زۆرتر... ] | 0 | 1 | 76% |
| رۆژنامەگەری و رۆژنامەنووسی هاوچەرخ | پەرتووکخانە | محەمەد ئەلدروبی وەرگێڕانی: سۆزان جەمال و لوقمان غ [ زۆرتر... ] | 0 | 0 | 66% |
| لەگەڵ سایکۆلۆژیادا | پەرتووکخانە | سۆزان جەمال [ زۆرتر... ] | 0 | 0 | 64% |
| خۆکوشتن | پەرتووکخانە | ئەحمەد عەیاش وەرگێڕانی: سۆزان جەمال [ زۆرتر... ] | 0 | 0 | 66% |
| خۆشەویستی و وزەی دەروونی | پەرتووکخانە | یوری ریوریکوف وەرگێڕانی: سۆزان جەمال [ زۆرتر... ] | 0 | 0 | 66% |
| من هەم من شەڕانگێزم | پەرتووکخانە | وەرگێڕانی: سۆزان جەمال [ زۆرتر... ] | 0 | 0 | 66% |
| پەیوەندییەکانی ژن | پەرتووکخانە | سۆزان جەمال [ زۆرتر... ] | 0 | 0 | 74% |
| یەک ملیۆن پرسیار و وەڵام دەربارەی سێکس - بەرگی 1 | پەرتووکخانە | وەرگێڕانی: سۆزان جەمال [ زۆرتر... ] | 0 | 0 | 66% |
| یەک ملیۆن پرسیار و وەڵام دەربارەی سێکس - بەرگی 2 | پەرتووکخانە | وەرگێڕانی: سۆزان جەمال [ زۆرتر... ] | 0 | 0 | 66% |
| رەوشی ژن لە ئیسلامدا | پەرتووکخانە | مەنسور فەهمی وەرگێڕانی: سۆزان جەمال 2013 [ زۆرتر... ] | 0 | 0 | 78% |
| سێکس و دەروون | پەرتووکخانە | عەلی کەمال وەرگێڕانی: سۆزان جەمال دەزگای چاپ و پ [ زۆرتر... ] | 0 | 0 | 80% |
| یەک ملیۆن پرسیار و وەڵام دەربارەی سێکس | پەرتووکخانە | وەرگێڕانی سۆزان جەمال 2013 سلێمانی [ زۆرتر... ] | 0 | 0 | 66% |
| خەونە سێکسییەکان | پەرتووکخانە | نووسینی: د. فەوزیە دریع وەرگێڕانی: سۆزان جەمال ئ [ زۆرتر... ] | 0 | 0 | 84% |
| سایکۆلۆژیی منداڵ | پەرتووکخانە | سۆزان جەمال ساڵی 2006 وەزارەتی رۆشنبیریی لە سلێما [ زۆرتر... ] | 0 | 1 | 70% |

شێوەی سێیەمیش نووسینی تێدا نییە و هەڵبژاردنە بەپێی پۆلەکان:

| پۆل | # |
|---|---|
| مێژوو | 846 |
| هەڵبەست | 713 |
| رامیاری، جیۆپۆلیکیک و پەیوەندیی نێودەوڵەتی | 661 |
| دۆزی کورد | 572 |
| هەمەجۆرە | 538 |
| رۆمان | 474 |
| ئەدەبی / رەخنەی ئەدەبی | 425 |
| ئایین و ئاتەیزم | 408 |
| چیرۆک | 335 |
| زمانەوانی و رێزمان | 316 |
| یاداشت | 219 |
| فەلسەفە / هزر | 207 |
| وتار و دیمانە | 175 |
| شانۆ / شانۆگەری | 174 |
| فەرهەنگ | 158 |
| راپۆرت | 154 |
| لێکۆڵینەوە | 150 |
| منداڵان | 147 |
| راگەیاندن | 146 |
| ئەنفال، هەڵەبجە و جینۆساید | 135 |
| کلتوور / فۆلکلۆر | 120 |
| یاسایی | 118 |
| [illegible] | 95 |


1 2 3 4 5 ...

| رامیاری، جیۆپۆلیکیک و پەیوەندیی نێودەوڵەتی \| 661 تۆمار دۆزرایەوە! \| بە فایلی PDF ەوە | |
|---|---|
| 10 ساڵ پاش 11 سێپتەمبەر | کوردیی ناوەڕاست |
| 30 وانە | کوردیی ناوەڕاست |
| 70ساڵ خەبات و بەرخۆدانی حیزبی دیموکراتی کوردستان-ئێران | کوردیی ناوەڕاست |
| Agha, Shaikh and State | English |
| Apocu Felsefe Ve Paradigma Gerçeği | Türkçe |
| APOCU Militan Kişilik- Cilt 1 | Türkçe |
| APOCU Militan Kişilik- Cilt 2 | Türkçe |
| ARGK (Artêşa Rizgarîya Gelê Kurdistan) Genel Yönetmeliği | Türkçe |
| ARGK Yönetmeliği | Türkçe |
| Ayaklanma Taktiğine Göre Tezler Ve Görevlerimiz | Türkçe |
| Barzanî Tevgera Azadîxazîya Kurd - Berge Duwem | Kurmancî - Kurdîy Bakûr |
| Barzanî Tevgera Azadîxazîya Kurd - Berge Yekem | Kurmancî - Kurdîy Bakûr |
| Bilim Yöntemi | Türkçe |
| Bir Halki Savunmak | Türkçe |
| Çeteciliğe Karşi Mücadele | Türkçe |
| Characterising Iraq's Petroleum Fiscal Regime following the toppling of Saddam Hussein's Regime: Baghdad Service Contracts and Kurdistan Production Sharing Contracts | English |
| Civaka Koledar û Pêşveşûnên Şaristanî | Kurmancî - Kurdîy Bakûr |
| Demokratik Devrimde Halk Serhildanlari | Türkçe |
| Demokratik Modernite Kadin Devrimi Çağidir | Türkçe |
| Demokratik Özerklik | Türkçe |
| Dengê Ruh | Kurmancî - Kurdîy Bakûr |
| Denial of Rights and Self-Determination: The Case of the Kurds of Iraq | English |
| Devlet | Türkçe |

لەو نموونەیەی سەرەوەدا، دەبینین لە پۆلی رامیاری و .. دا و لە رۆژی دروستکردنی ئەم فایلەدا ٦٦١ پەرتووکی بە فایلی پی دی ئێفەوە دۆزیوەتەوە (هەڵبەت ئەم ژمارەیە داینامیکە و بەردەوام لەگەشەکردندایە)، بەکارهێنانی ئەم شێوەیەی گەڕان زۆر ئاسانە و تەنها کلیک لەسەر ئایکۆنی وردبین دەکەیت لە تەنیشت پۆلەکانەوە، پاشان لیستێکت بۆ ئامادە دەکرێت و دەتوانیت سەیری لاپەڕەکانی بکەیت. بە کلیک کردن لەسەر ناوی پەرتووکەکە یەکسەر پەرتووکەکە لە لاپەڕەی دەستپێکدا دەکرێتەوە.




هەموو ئەو شێوە گەڕانانەی سەرەوە لە گەڕانی وردیشدا ئەنجام دەدرێت بەمەرجێک پۆلی پەرتووکخانە هەڵبژێردرێت.




کوردیپێدیا بەهیچ جۆرێک، هیچ پەرتووکێک لە کاغەزەوە دیجیتایز ناکات، هەر پەرتووکێک لەم پەرتووکخانەیەدا لەلایەن کەس و ڕێکخراوانی سێیەمەوە دیجیتایز کراوە و کوردیپێدیاش وەریگرتووە یان لە خاوەنەکەیەوە بۆمان نێردراوە..


## گەڕان لە ڤیدیۆکاندا

| جۆری بەکاربەر (ڕۆڵەکان) | مافی بینین | مافی بەکارهێنان |
|---|---|---|
| میوان | ✓ | ✓ |
| خۆبەخش | ✓ | ✓ |
| کارمەند | ✓ | ✓ |
| بەڕێوەبەر | ✓ | ✓ |

لە پێشدا لاپەڕەی ڤیدیۆ دەبێت بکرێتەوە.




یان




لە ڤیدیۆکاندا، دەتوانرێت ناوی سەرباس یان بەشێکی بنووسرێت و کلیک لە دوگمەی گەڕان بکرێت، یان لە لیستەکەدا کلیک لە ئایکۆنی فۆڵدەر بکرێت و پاشان ڤیدیۆکە لە لاپەڕەی دەستپێکدا دەکرێتەوە. جۆری ئەو ڤیدیۆیانەی کە کوردیپیدیا لە ڕیپۆزیتۆریی خۆیدا هەڵیاندەگرێت تەنها ئێم پی ٤٥.




پیشاندانی ڤیدیۆکە لە لاپەڕەی دەستپێک:





هەمان ئەم جۆری گەڕانە لە گەڕانی وردیشدا پیادەدەکرێت بە مەرجێک پۆلی ڤیدیۆ هەڵبژێردرێت.


## گەڕان لە ناونامە


ناونامە، یەکێک بووە لەو داتابەیسانەی کە لە ساڵی ١٩٩٩ەوە لەسەر وێبی باخەوان دروستکراوە و پاشانیش هێنراوەتە ناو کوردیپێدیاوە و پەرەی پێدراوە.

| جۆری بەکاربەر (ڕۆڵەکان) | مافی بینین | مافی بەکارهێنان |
|---|---|---|
| میوان | ✓ | ✓ |
| خۆبەخش | ✓ | ✓ |
| کارمەند | ✓ | ✓ |
| بەڕێوەبەر | ✓ | ✓ |



لە ناونامەدا تەنها لیستی هەڵبژاردنە، ڕەگەز و پیتێک هەڵدەبژێریت و لیستی ناوەکانت بۆ دەردەکەوێت.








هەمان ئەم گەڕانانە لە گەڕانی وردیشدا ئەنجام دەدرێت!

## درەختی پۆلەکان

| جۆری بەکاربەر (ڕۆڵەکان) | مافی بینین | مافی بەکارهێنان |
|---|---|---|
| میوان | ✓ | ✓ |
| خۆبەخش | ✓ | ✓ |
| کارمەند | ✓ | ✓ |
| بەڕێوەبەر | ✓ | ✓ |

ئەمیش جۆرێکە لە گەڕان لەناو بابەتەکاندا کە تەنها بەهۆی کلیککردنەوە دەکرێت. لەم گەڕانانەدا پۆلێک، زمانێک یان هەر بابەتێکی تر هەڵدەبژێردرێت و لە تەنیشتییانەوە بابەتەکانی پیشاندەدرێت.




🏁 زمان > پۆل > پۆلی لاوەکی > ⁉☐ تایبەتمەندییەکانی بابەت - مێتا-داتا > بابەت




به کلیککردنی هەر یەک لە بابەتەکان لاپەڕەکە دەچێتە سەر دەستپێک و ئەو تۆمارە دەکرێتەوە!

پۆل > پۆلی لاوەکی > ⁉☐ تایبەتمەندییەکانی بابەت - مێتا-داتا > بابەت





هاوکارانی کوردیپێدیا > زمان > پۆل > پۆلی لاوەکی > ⁉☐ تایبەتمەندییەکانی بابەت - مێتا-داتا > بابەت

# چۆنێتیی بەکارهێنانی کوردیپێدیا



## پۆل & بابەت

| جۆری بەکاربەر (ڕۆڵەکان) | مافی بینین | مافی بەکارهێنان |
|---|---|---|
| میوان | ✓ | ✓ |
| خۆبەخش | ✓ | ✓ |
| کارمەند | ✓ | ✓ |
| بەڕێوەبەر | ✓ | ✓ |






## چاککردنی بابەت

| جۆری بەکاربەر (ڕۆڵەکان) | مافی بینین | مافی بەکارهێنان |
|---|---|---|
| میوان | ✓ | ✓ بەشێوەیەکی دیاریکراو |
| خۆبەخش | ✓ | ✓ |
| کارمەند | ✓ | ✓ |
| بەڕێوەبەر | ✓ | ✓ |

لە لاپەڕەی دەستپێکدا لە نزیک هەر بابەتێکەوە بەستەری چاککردنەوەی بابەتەکە بە ڕوونی دانراوە:







بە کرتەلەسەرکردنی ئەو بەستەرە یەکسەر لاپەڕەی چاککردنی بابەتەکە دەکرێتەوە:




هەر وەک لە وێنەکەدا دەردەکەوێت، ئەو خانانەی کە پێویستن دەبێت پربکرێنەوە. ئەگەرنا ئەوا ڕاستکردنەوەکان ناگەنە لای کوردیپێدیا!

پاش ئەوەی ناوی نێرەر، ئیمێڵی نێرەر، چاککردنی بابەت، سەرچاوە (ئەگەر هەبوو) و کۆدی ئاساییش پردەکرێتەوە، بەکاربەر دەتوانێت کرتە لەسەر پاراستن-ناردن بکات.

ئەگەر هەموو خانەکان بەتەواوەتی پڕکرابوونەوە، ئەوا ئەم پەیامە وەردەگریت:




پاشانیش کوردیپێدیا ئیمێڵێکت بۆ دەنێرێت و ئاگادارت دەکاتەوە کە ڕاستکردنەوەکانت گەیشتوونەتە لای کوردیپێدیا و کاریان لەسەر دەکرێت!

## ناردنی بابەت

| جۆری بەکاربەر (ڕۆڵەکان) | مافی بینین | مافی بەکارهێنان |
|---|---|---|
| میوان | ✓ | ✓ بەشێوەیەکی دیاریکراو |
| خۆبەخش | ✓ | ✓ فۆرمی تایبەتی[2] |
| کارمەند | ✓ | ✓ فۆرمی تایبەتی[3] |
| بەڕێوەبەر | ✓ | ✓ فۆرمی تایبەتی[4] |

لە مینوی تۆمارکردنی بابەت کلیک لە "تۆمارکردنی بابەتی نوێ" بکە و یەکسەر لاپەڕەی فۆرمی تۆمارکردنی بابەتت بۆ دەکرێتەوە؛




پێویستە هەموو خانەکان پربکرێنەوە؛




1. ناوی تۆمارکار

---

[2] پروانە بەشی هاوکاران
[3] پروانە بەشی هاوکاران
[4] پروانە بەشی هاوکاران

2. ئیمێڵی نێرەر؛ کوردیپێدیا چێکی ئیمێڵ دەکات، بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا ئەو ئیمێڵەی نووسراوە راستە یان نا!
3. ناوی بابەت
4. ناوی بابەت ٢؛ دیسئەیبڵ کراوە و تەنها بۆ هاوکارانە.
5. زمانی بابەت؛ دیفۆڵت لەسەر کوردیی ناوەڕاستە، بەڵام دەتوانرێت هەر زمانێکی تر هەڵبژێردرێت کە بابەتەکەی پێنووسراوە.
6. پۆل؛ دیفۆڵت لەسەر کەسایەتییەکانە، بەڵام دەتوانرێت هەر پۆلێکی تر هەڵبژێردرێت کە پەیوەندیی راستەوخۆی بەبابەتەوە هەیە.
7. سەرچاوە؛ دەتوانرێت بە چۆڵی بهێڵرێتەوە.
8. کۆدی ئاساییش؛ دەبێت ئەو کۆدەی پیشاندراوە بەرنووس بکرێت، ئەگەرنا ئەوا بابەتەکە نانێردرێت. ئەمە بۆ ئەوە تاوەکو کوردیپێدیا بزانێت کە ئەوەی بابەتەکە دەنێرێت مرۆڤە یان ماشێن!
9. کلیک لەسەر دوگمەی "پاراستن-ناردن" بکە.

ئەگەر هەموو خانەکان بەتەواوەتی پڕکرابوونەوە، ئەوا ئەم پەیامە وەردەگریت:




پاشانیش کوردیپێدیا ئیمێڵێکت بۆ دەنێرێت و ئاگادارت دەکاتەوە کە بابەتە نوێیەکەت گەیشتوونەتە لای کوردیپێدیا و کاریان لەسەر دەکرێت!

پاش تۆمارکردنی تۆمارەکە یان تۆمارنەکردنی لەلایەن بەڕێوەبەرانی کوردیپێدیاوە نێرەر ئاگاداردەکرێتەوە و ئەگەر بابەتەکە تۆمار نەکرا! هۆکارەکەی بۆ نێرەر ئاشکرا دەکرێت.


## ناردنی وێنە

| جۆری بەکاربەر (رۆڵەکان) | مافی بینین | مافی بەکارهێنان |
|---|---|---|
| میوان | ✓ | ✓ |
| خۆبەخش | ✓ | ✓ فۆرمی تایبەتی[5] |
| کارمەند | ✓ | ✓ فۆرمی تایبەتی[6] |
| بەڕێوەبەر | ✓ | ✓ فۆرمی تایبەتی[7] |

لە مینوی تۆمارکردنی بابەت، کلیک لە "ناردنی وێنە بکە". پاشان لاپەڕەی ناردنی وێنەت بۆ دەکرێتەوە.




تەواوی خانەکان وەک ئەوەی لە وێنەکەدا پیشاندراوە پڕبکەرەوە و کلیک لە دوگمەی "ناردنی وێنە" بکە؛




---

[5] پڕوانە بەشی هاوکاران
[6] پڕوانە بەشی هاوکاران
[7] پڕوانە بەشی هاوکاران





مەرجەکانی ناردنی وێنە:

- دەبێت ناوی وێنەکە پربکرێتەوە
- دەبێت وێنەکە لە 500 کیلۆبایت زۆرتر نەبێت
- دەبێت فایلەکە یەکێک لە جۆرەکانی (JPG, GIF, BMP, TIF, PNG) بێت
- دەبێت ئیمێڵ و کۆدی ئاسایش پربکرێتەوە ئەگەرنا وێنەکە نانێردرێت!
- ئەگەر ناتەوێت ئەم فۆرمە بەکاربهێنیت ئەوا لە ڕێی ئیمێڵی کوردیپێدیاوە وێنەکە بنێرە!
- تکایە تەنها ئەو وێنانە بۆ کوردیپێدیا بنێرە کە پەیوەندییان بە کوردستان و کوردەوە هەیە.

پاش ئەوەی کلیک لە دوگمەکە کرا و هەموو خانەکان بەتەواوی پرکرابوونەوە، بەکارهێن ئەم پەیامەی خوارە وەردەگرێت:




لە لیستی وێنە نێردراوەکانیشدا وێنەکە و ڕۆژ و کاتی ناردنی پیشاندەدرێت:




ئەگەر وێنەکە پەیوەندیی بە بابەتێکەوە هەبوو، یان پەیوەندیی بەگشتی بە کوردستان و کوردەوە هەبوو، ئەوا بەڕێوەبەرانی کوردیپێدیا وێنەکە پەیوەست دەکەن بە بابەتێکی دیاریکراوەوە. بەپێچەوانەوە وێنەکە دەسڕدرێتەوە!

## ناردنی پەڕتووک و ڤیدیۆ

| جۆری بەکاربەر (ڕۆڵەکان) | مافی بینین | مافی بەکارهێنان | ئەپلۆدکردن |
|---|---|---|---|
| میوان | ✓ | ✓ | ✗ Contact@kurdipedia.org |
| خۆبەخش | ✓ | ✓ | ✓ فۆرمی تایبەتی[8] |
| کارمەند | ✓ | ✓ | ✓ فۆرمی تایبەتی[9] |
| بەڕێوەبەر | ✓ | ✓ | ✓ فۆرمی تایبەتی[10] |

کوردیپێدیا، هیچ فۆرمێکی کراوەی بۆ ئەپلۆدکردنی پەڕتووک و ڤیدیۆ نییە. ئەو فۆرمانە تایبەتن بە هاوکاران و بەڕێوەبەرانی سیستمی کوردیپێدیاوە. هۆکاری ئەوەش ئەوەیە کە فایلەکانی پەڕتووک و ڤیدیۆ قورسن.

تکایە بۆ ناردنی فایلی پەڕتووک و ڤیدیۆ (پی دی ئێف و ئێم پی ٤) ئیمێلی فەرمی کوردیپێدیا بەکاربهێنە:

Contact@kurdipedia.org

یان لینکی ڤیدیۆ و پەڕتووکەکە بۆ ئەو ئیمێڵەی کوردیپێدیا بنێرە.

[8] پروانە بەشی هاوکاران
[9] پروانە بەشی هاوکاران
[10] پروانە بەشی هاوکاران

# هەندێک فیچەری تری گرنگ

## گەڕانی ورد - کرۆنۆلۆژیای ڕووداوەکان




ئەم پۆلەی کوردیپێدیا لە داتابەیسی "هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد، دانانی هاوڕێ باخەوان"ەوە وەرگیراوە، بەڵام بەردەوام و ڕۆژانە پەرەی پێدەدرێت. بەکارهێنەر زۆر بە ئاسانی دەتوانێت بەهۆی ئەم لاپەڕەیەوە بگەڕێت بەدوای ڕێکەوت و ڕووداوێکدا تەواوی ڕۆژ و مانگەکانی ساڵ و ساڵەکان کراون بە بەستەر و بە کلیککردنی دەتوانیت ڕووداوەکە ببینیت.

## گەڕانی ورد – سەرچاوەکان




| # | سەرچاوەکان | جۆر | زمان | بابەت |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ماڵپەڕی ئی-فەرهەنگ | ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | 10.000 |
| 2 | Pend û Peng, Bîlal Hesen | پەڕتووک | Kurmancî - Kurdîy Bakûr | 5.189 |
| 3 | هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی ڕوون – سلێمانی – 1999. | پەڕتووک | کوردیی ناوەڕاست | 4.300 |
| 4 | ماڵپەڕی خاکەلێوە | ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | 4.121 |
| 5 | صفحة مؤسسة السجناء السياسيين | ماڵپەڕ | عربي | 3.323 |
| 6 | ئازارە شاردراوەکان (یاداشتی زیندان) دەرسیم دیبەگەیی دانمارک - 2015 | پەڕتووک | کوردیی ناوەڕاست | 3.041 |
| 7 | گوڵنامەی کوردی - دانانی حامید درودی | پەڕتووک | کوردیی ناوەڕاست | 1.732 |
| 8 | ماڵپەڕی لکی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستان | ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | 1.665 |
| 9 | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن | دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | 1.150 |
| 10 | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی | دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | 939 |
| 11 | ماڵپەڕی خەندان | ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | 910 |
| 12 | ماڵپەڕی کتێبخانەی کوردی | ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | 379 |
| 13 | لیستی شەهیدانی دیبەگە و کەندێناوە، کۆکردنەوەی: دەرسیم دیبەگەیی، ٢٠١٤ | پەڕتووک | کوردیی ناوەڕاست | 364 |
| 14 | ماڵپەڕی ئاوێنە | ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | 350 |
| 15 | ماڵپەڕی دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی | ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | 268 |
| 16 | ماڵپەڕی ویکیپێدیا | ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | 249 |
| 17 | ماڵپەڕی دواڕۆژ | ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | 228 |
| 18 | ماڵپەڕی کوردستانی نوێ | ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | 156 |

بەردەوام هەوڵمانداوە بۆ هەر تۆمارێک سەرچاوەیەک یان زۆرترمان هەبن. سەرچاوەکان فرەجۆر و فرەزمانن، لەم لاپەڕەیەدا بە ئاسانی دەتوانرێت گەڕان لە سەرچاوەکاندا بکرێت و ئەو بابەتانەش بکرێتەوە کە لە سەرچاوەکەوە وەرگیراون. لە وێنەکەدا دەردەکەوێت کە کوردیپێدیا لە داتابەیسی ئی-فەرهەنگەوە ١٠ هەزار بابەتی وەرگرتووە! داتابەیسی ئی-فەرهەنگ لە سەرەتای ٢٠٠٠ەکانەوە لەسەر نێت چالاک بووە و کارێکی خۆبەخشی هاوڕێ باخەوان و چەند هاوکارێکی بووە و پاشانیش لە کوردیپێدیادا تێهەڵکێشکراوە.

## گەڕانی ورد – شوێنپێیەکان



| ناوی بابەت | پۆل | ... | | |
|---|---|---|---|---|
| دوا نامەی ئەنفالکراوێک | بەڵگەنامەکان | #عوسمان حەسەن فەرەج#، خەڵکی گوندی #گۆلباخی# ناحیەی ... | 13:25:30 20-4-2017 | |
| خێزانێکی گوندنشینی کورد | وێنە و پێناس | وێنەی فۆتۆگرافەر: Alexander Orlovsky 1777-1832 ... | 13:16:57 20-4-2017 | |
| یەکێتیی فیدراڵیی نێوان ئێراق و ئوردون | پارت و ڕێکخراوەکان | ... ... | 13:04:14 20-4-2017 | |
| Uitkomst Turkse referendum: Waar zijn duizenden NEE-stemmen gebleven? | بەڵگەنامەکان | Afgelopen weekend heeft een kleine meerderheid van ... | 13:03:44 20-4-2017 | |
| بەیاننامەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان | بەڵگەنامەکان | 22-04-2017 ... | 13:02:21 20-4-2017 | |
| فەهمی فەریق محەمەد | کەسایەتییەکان | لە 1982-11-15 لە شاری #چەمچەماڵ#، گەرەکی پێکەس لە ... | 12:55:22 20-4-2017 | |
| عەبدوڕەحمان گۆک | کەسایەتییەکان | سەرنووسەی ئاژانسی دیهابەر. ... | 12:49:33 20-4-2017 | |
| ئیبراهیم ئویگور | کەسایەتییەکان | ئیبراهیم ئەیگور، بەڕێوبەری ئاژانسی ئورفا دابوگون. ... | 12:49:02 20-4-2017 | |
| گەروی سۆرکێ | وشە و دەستەواژە | گەرووی سۆرکێ ناو لێنانێکە لە زۆربەی گوندەکانی کور ... | 12:37:18 20-4-2017 | |
| سەربانی هاوین | پەڕتووکخانە | نوواسینی: دارۆ ئەزیز بابەت: سیناریۆ ... | 12:37:14 20-4-2017 | |
| فەقێ عەبدوڵڵا محەمەدی | شەهیدان | دانیشتووی: نواوێ بەرپرسایەتی: فەرماندەری هێز ساڵ ... | 12:37:07 20-4-2017 | |
| بەنداوی دێگەڵە | شوێنەکان | ... ... | 10:43:03 20-4-2017 | |
| gorran | وشە و دەستەواژە | ... ... | 9:39:27 20-4-2017 | |
| عەلی هەژار | شەهیدان | عەلی عەبدوڵڵا عەلی – بە عەلی هەژار ناسراوە لە ساڵی ... | 9:38:47 20-4-2017 | |

میوانانی کوردیپێدیا، هەر بابەتێک بکەنەوە دەچێتە ئەم خشتەیەوە. تاوەکو بەئاسانی جارێکی تر بچنەوە سەری. ئەم خشتەیە داینامیکە و ڕۆژانە بابەتە کۆنەکانی لێ لادەبرێت. پێناسی بابەت و ئای پی ئەدرەسی سەردانکەر کلیلی ئافراندنی ئەم خشتەیەن بۆ هەر سەردانکەرێک.

## گەڕانی ورد – کۆکراوەکان

هەر بابەتێک لە کوردیپێدیادا دەتوانرێت لە لایەن سەردانکەرەوە کۆبکرێتەوە.




سەردانکەر دەتوانێت کلیک لە "بۆ ناو لیستی کۆکراوەکان" بکات و یەکسەر لاپەڕەی کۆکراوەکانی بۆ دەکرێتەوە.


ئەم خشتەیە ناسڕدرێتەوە و هەر کاتێک سەردانکەر لە هەمان ئای پی ئەدرەسەوە کوردیپیدیای کردەوە، دەتوانێت جارێکی تر کۆکراوەکانی ببینێت.

بەڵام هاوکارانی کوردیپێدیا ئەگەر لە ژوورەوەی سیستمەکەبوون و هەر بابەتێکیان کۆکردەوە، ئەوا لەسەر هەر کۆمپیوتەرێک و هەر شوێنێکەوە بچنە ناو سیستمی کوردیپیدیاوە، دەتوانن هەمان کۆکراوەکانیان ببینن.




## گەڕانی ورد – چالاکییەکان

هەر سەردانکەرێک دەتوانیت سەیری چالاکییەکانی هاوکارانی کوردیپێدیا بکات، هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونمانەوە لە ٢٠٠٨ تاوەکو ڕۆژی ئەمڕۆ؛




لەم لاپەڕەیەدا تەنها هاوکاران پاش ئەوەی دەچنە سیستەمەکەوە دەبینن کە کێ لە ژوورەوەیە؛




## گەڕانی ورد – بڵاوکراوەکانی کوردیپێدیا

تەواوی بڵاوکراوەکانی کوردیپێدیا لەم لاپەڕەیەدا کۆکراوەتەوە و دتوانرێت داونلۆدبکرێت؛





| # | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 2014نامە - وەشانی 1 | 1 | 166 | 344 | 940 | 01-01-2015 |
| 2 | 2015نامە - وەشانی 1 | 1 | 153 | 339 | 563 | 01-01-2016 |
| 3 | 2016نامە - وەشانی 1 | 1 | 208 | 348 | 126 | 22-01-2017 |
| 4 | ئامارنامە - وەشانی 1 | 1 | 901 | 1191 | 621 | 09-09-2015 |
| 5 | ئەتڵەسنامە - وەشانی 1مە | 1 | 42 | 93 | 620 | 10-09-2015 |
| 6 | ئەنفالنامە - وەشانی 2مە | 2 | 165 | 359 | 628 | 10-01-2015 |
| 7 | براکوژینامە - وەشانی 2مە | 2 | 172 | 285 | 744 | 11-01-2015 |
| 8 | بڵاوکراوەنامە - وەشانی 2مە | 2 | 325 | 719 | 593 | 08-09-2015 |
| 9 | بەڵگەنامە - وەشانی 1مە | 1 | 847 | 771 | 336 | 10-09-2015 |
| 10 | پاسۆکنامە - وەشانی 2مە | 2 | 189 | 141 | 674 | 11-09-2015 |
| 11 | پێشمەرگەنامە - وەشانی 2مە | 2 | 353 | 536 | 461 | 21-01-2015 |
| 12 | پەندنامە - وەشانی 2مە | 2 | 1579 | 5613 | 533 | 07-09-2015 |
| 13 | پەرتووکنامە - وەشانی 2مە | 2 | 5207 | 11223 | 588 | 08-09-2015 |
| 14 | چالاکوانانامە - وەشانی 2مە | 2 | 1249 | 2075 | 465 | 10-09-2015 |
| 15 | چۆنێتیی بەکارهێنانی کوردیپێدیا | 1 | 30 | 0 | 68 | 02-04-2017 |
| 16 | داعشنامە - وەشانی 2مە | 2 | 58 | 92 | 700 | 14-03-2015 |

## ئامرازەکان – تۆمارکردن / کۆژاندنەوەی ئیمێڵ

هەر پەیوەندییەکی سەردانکەران بە ناردن و باشترکردنی تۆمار یان ناردنی بیروڕا، وێنە یاخود هەر پەیوەندییەکی تر، کوردیپێدیا ئیمێڵی پەیوەندیکەر لەلای خۆی دەخاتە بانکی ئیمێڵەکانەوە. ئەم بانکی ئیمێڵەی کوردیپێدیا بۆ هیچ مەبەستێکی ڕێکلامی و بازرگانی بەکارنایەت! تەنها بۆ ئەوەیە سەردانکەران لە چالاکی و کاروبارەکانی کوردیپێدیا ئاگاداربکاتەوە.

هەر کەسێک دەخوازێت ئیمێڵەکەی لەو بانکەدا نەمێنێت، ئەوا دەتوانێت ئەم فۆرمە بەکاربهێنێت:




بەشی یەکەمی ئەم فۆرمە بۆ تۆمارکردنی ئیمێڵێکە کە لەناو بانکی ئیمێڵی کوردیپێدیادا نەبێت!

## ئامرازەکان – ئاماری بابەت

لەم داشبۆردەوە دەتوانرێت زۆرێک لە ئامارەکانی کوردیپێدیا ببینرێت.

## ئامرازەکان – وەرگێڕی فۆنتەکان

زۆرجار ئەو بابەتانەی بۆ کوردیپێدیا دێن بە فۆنتی کۆن نووسراون، یاخود بە کوردیی لاتینی؛ لەم فۆرمەوە دەتوانیت بەئاسانی چارەسەری ئەو کێشەیە بکەیت و تێکستە کۆنەکانت بکەیتە یونیکۆد؛




**کوردیپێدیا، تەنها و تەنها پیتی یونیکۆد بەکاردێنێت!**

## ئامرازەکان – گۆڕینی ڕێکەوتەکان

هەندێک بابەت کە دەگەنە لامان ڕێکەوتەکان یان هەتاوییە یان هیجری! ئەم فۆرمەی خوارەوە بەکاردەهێنرێت بۆ گۆڕینی ڕێکەوتەکان بۆ کەلێندەری زایینی – گریگۆری!




| ژمارەی مانگ | مانگە عەرەبییەکان | بە ڕێنووسی کوردی | مانگە زایینییەکان |
|---|---|---|---|
| 1 | كانون الثاني | کانونی دووەم | January |
| 2 | شباط | شوبات | February |
| 3 | آذار | ئازار | March |
| 4 | نيسان | نیسان | April |
| 5 | مايس - أيار | مایس - ئایار | May |
| 6 | حزيران | حوزەیران | June |
| 7 | تموز | تەمموز | July |
| 8 | آب | ئاب | August |
| 9 | أيلول | ئەیلوول | September |
| 10 | تشرين الأول | تشرینی یەکەم | October |
| 11 | تشرين الثاني | تشرینی دووەم | November |
| 12 | كانون الأول | کانونی یەکەم | December |



## ئامرازەکان – زمان و شێوەزاری رووپەلەکان

کوردیپێدیا سیستەمێکی فرەزمانە، بەئاسانی دەتوانرێت لە مینوی زمانەکان کوردیپێدیا بخرێتە سەر ئەو زمانەی کە بەکاربەر دەیەوێت.

ئەم فرەزمانییەی کوردیپێدیا بەهۆی هاوکاری کۆمەڵێک هاوکاری بەرێزی کوردیپێدیاوە بووە. ئەگەر ویسترا زمانی رووپەلەکان باشتر بکرێت یان وەربگێردرێتە سەر زمانێکی تر ئەوا تەواوی کەپشنەکانی کوردیپێدیا داونلۆد بکە و پاش وەرگێرانی یان باشترکردنی بۆ کوردیپیدیای بنێرەوە..




سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی یارمەتییان داین تاوەکو کوردیپێدیا وەربگێرینە سەر زمانە زیندووەکان:


| | |
|---|---|
| سوپاسی زۆر بۆ کاک سۆران کارباسیان کە ئەرکی وەرگێرانی ماڵپەڕەکەی گرتە ئەستۆ بۆ زمانی فارسی. | |
| سوپاسی زۆر بۆ خاتوو زیاب لە لوبنان کە ئەرکی پێداچوونەوەی وەرگێرانە عەرەبییەکەی کرد. | |
| سوپاسی زۆر بۆ هاوکارمان کاک رۆژهات سەعید کە ماڵپەڕەکەی کردە شێوەزمانی کوردیی باکوور (بادینی) بە پیتی عەرەبی. | |
| سوپاسی زۆر بۆ خاتوو بەناز جۆلا کە بەردەوام وەرگێرانە هۆڵەندییەکە بەسەردەکاتەوە و هەڵەکانی راستدەکاتەوە. | |
| سوپاسی زۆر بۆ هاوکارمان کاک رۆژهات سەعید کە ماڵپەڕەکەی کردە زمانی تورکی. | |
| سوپاسی زۆر بۆ کاک رۆب بەرسۆنی لە کەنەدا کە ئەرکی پێداچوونەوەی ماڵپەڕەکەی گرتە ئەستۆ بۆ زمانی ئینگلیزی .<br>Thanks for Mr. Rob Barsony from Canada for reviewing the English translation. | |

| | |
|---|---|
| سوپاسی زۆر بۆ کاک رزگار شەمەیی لە سوید کە پێداچوونەوەی کرد بۆ وەرگێرانە سویدییەکە. | |
| زۆر سوپاس بۆ کاک راپەڕ عوزەیری لە ئۆکرانیا کە پێداچوونەوەی لە وەرگێرانە رووسییەکەدا کرد .<br>Благодарим RAPAR OZERY с Украины за редактирование русского перевода. | |
| Ein spezieller Dank an Shanay Nazim & Roger Neuenschwander für die Korrektur der deutschen Übersetzung<br>سوپاسی زۆر بۆ بەڕێزان شەنای نازم و رۆژێ نۆینشواندەر، کە پێداچوونەوەیان لە وەرگێرانە ئەڵمانییەکەدا کرد. | |
| سوپاسی زۆر بۆ کاک دانا سەجادی کە تەواوی ماڵپەڕی کوردیپێدیا کردە کوردیی هەورامی. | |

## ئامرازەکان - سیستمی نۆتیفیکەیشن

لەسەر لاپەڕەی دەستپێک و هەندێک لە لاپەڕەکانی تر سیستمی نۆتیفیکەیشن هەیە. ئەمە دەروازەیەکی بچووکە کە لەلای راستی خوارەوەی سکریندا دەردەکەوێت و بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بابەتێک یان ئاگادارییەک پیشاندەدات.

ئەم نۆتیفیکەیشنە کوردیپێدیا هەر لەخۆیەوە پیشانی نادا و دەبێت بەکاربەر کلیک لە دوگمەی ئۆکەی بکات.





بە کلیککردن لە دوگمەی "Allow" سیستمی نۆتیفیکەیشن دەکەوێتەکار و "Block"یش نۆتیفیکەیشن پیشان نادات!

ئەگەر پاشتر ویسترا سیستمی نۆتیفیکەیشن بلۆک بکرێتەوە، کلیک لە ئایکۆنی گێر بکە لەسەر هەر نۆتیفیکەیشنێک؛




پاشانیش بەکارهێن ئازاد لە سڕینەوە، بلۆککردن یان راستکردنەوەی؛



# هاوکارانی کوردیپێدیا

## دروستکردنی هەژمار

بۆ ئەوەی ببیتە هاوکارمان؛ پێویستە هەژمارت هەبێت؛ تکایە کلیک لە مینوی هەژماری من – دەبمە هاوکارتان بکە تاوەکو هەژماری کوردیپێدیا دروستبکەیت؛




پێویستە هەموو خانەکان پڕبکرێتەوە و لەماوەیەکی کەمدا ئیمێڵێکت لە کوردیپیدیاوە پێدەگات؛ ئیمێڵەکەت دەبێتە ناوی بەکارهێن و پاسۆردەکەشت لەلایەن کوردیپێدیاوە دیاریدەکرێت.

هەموو کاتێک دەتوانیت وشەی نهێنییەکەت لە کوردیپێدیاوە بگۆڕیت.

## چوونەژوورەوە

سەرەتا چێکی ئیمێڵەکەت بکە؛

بەڕێز: هاوکاری نوێ
سڵاو..

کوردیپێدیا بەخۆشحاڵییەوە ڕایدەگەیەنێت کە بەڕێزتان بوونەتە یەکێک لە (کارمەند\خۆبەش)ەکانی.. هیواداریین هەموو ..بتوانین پێکەوە کوردیپێدیا بەرەوپێشتر بخەین.. لەو ڕووەوە لە هاوکاری و کاری بەپێزی ئێوە بێگومانین
تکایە بۆئەوەی لاپەڕەی بەڕێوەبردن لە کوردیپێدیادا بکەیتەوە، ئەم ناوونیشان و ناو و وشەی نهێنییە بەکاربهێنە:

ناونیشان: http://www.kurdipedia.org
ناوی بەکارهێن:
hawreh@bakhawan.com
وشەی نهێنی:
324k4383

پاشان ماڵپەڕی کوردیپێدیا بکەرەوە و لە مینووی هەژماری من کلیک لە چوونەژوورەوە بکە؛




ناوی بەکارهێن (ئیمێڵ) و وشەی نهێنی بکەرە خانە دیاریکراوەکانەوە و کلیک لە دووگمەی چوونەژوورەوە بکە؛




کوردیپێدیا چێکی ئیمێڵ و وشەی نهێنییەکەت دەکات، ئەگەر لە داتابەیسی کوردیپێدیادا هەردووکیان پێکەوە ئامادەبوون، ئەوا دەچیتە ژوورەوە؛

کوردیپێدیا لە هەردوو باری چوونەژوورەوە و نەچوونەژوورەوە تۆمارێکی ئیمێڵ و وشەی نهێنی بەکاربەر / هاوکار لە داتابەیسەکەیدا تۆمار دەکات.




وەک دەبینن ناوی هاوکاری نوێ لە سەرەوە پیشاندراوە و ئەوە دەگەیەنێت کە هاوکارە نوێیەکە لە ژوورەوەیە، دیارە ئەم ناوە تەنها نموونەیە و بۆ هەر هاوکارێک ناوی خۆی پیشاندەدرێت! لەبەرئەوە تکایە ناوەکانتان بە تەواوی بنووسن لەکاتی دروستکردنی هەژمارا!

دوو لە گرنگترین کاری هاوکارانی کوردیپێدیا راستکردنەوەی بابەتە تۆمارکراوەکان و تۆمارکردنی بابەتی نوێیە. هەوڵدەدەین بە وردی لەو دوو لایەنە بدوێین کە زۆر پەیوەندییان پێکەوە هەیە.

پاش چوونەژوورەوە بۆ سیستمی کوردیپیدیا، لەسەر هەر لاپەڕەیەکی بەڕێوەبردن دووگمەی یارمەتی هەیە. کلیک لەو دوگمەیە بکە تاوەکو بزانیت چۆن بابەت تۆمار دەکەیت یان راستی دەکەیتەوە.

## کوردیپێدیا بۆ دێڤەڵۆپەر

لەژێر ئامادەکردندایە

## بەڕێوەبەرانی کوردیپێدیا

پاش چوونەژوورەوە لە سیستمی کوردیپێدیا، لەسەر هەر لاپەڕەیەکی بەڕێوەبردن دوگمەی یارمەتی هەیە. کلیک بکە بۆ زانینی چۆنێتیی بەکارهێنانی ئەو لاپەڕەیە.

# پاشکۆی ١ (ماشێنی گەڕان)

لەژێر ئامادەکردندایە

## مێژووی دۆکومێنت

| ڕێکەوت | ناوی هاوکار | جۆری گۆڕانکاری |
|---|---|---|
| ٢٠١٧-٠٣-٢٩ | هاوڕێ باخەوان | درافت |
| ٢٠١٧-٠٦-٢٨ | هاوڕێ باخەوان | چاککردنەوە |
| ٢٠١٧-٠٨-٠١ | هاوڕێ باخەوان | سیستمی نۆتیفیکەیشن |